

# ڕێکلامێک ئافرەتانی بولگاریا توڕە دەکات

لە بولگاریا ڕێکلامێکی کۆمپانیایەکی خواردنەوە کحولیەکان، کە تێیدا وێنەی چەند ئافرەت و شوتیەکی لەسەر شێوەی "مایۆی ئافرەتان" تێدا بەکارهاتووە، ئافرەتانی بولگاریای توڕە کرد و سکاڵایەکی یاساییان دژی ئەو کۆمپانیایە تۆمار کرد، کاتێک کۆمپانیاکە هەڵمەتێکی ڕێکلامی لە ژێر ناوی "وەرزی شوتی لێرەیە" دەستپێکرد.

لە سکاڵای ئافرەتەکاندا هاتووە، کە ئەم ڕێکلامە هانی تەنگپێهەڵچنینی سێکسی دژ بە ئافرەتان دەدات و لێدوانی سوکایەتیپێکردن و نەشیاوی پیاوانی تێدایە، کە لە شەقامەکانیشدا هەڵواسراوە، وەک "دوو شوتی جوانن" و "شوتیەکە پێگەیشتووە؟!"

ئێستا ئەو کێشەیە لە بەردەمی دادگایە و تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە.



# چەند قوتابیەک وێنەی نەشیاوی کچە مامۆستایەکیان لە "فەیس بووک" بڵاودەکەنەوە

لە شارۆچکەی "بادوا"ی باشووری ئیتاڵیا بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانەکان 4 قوتابی لە قوتابخانەکە دەردەکاتە دەرەوە، دوای ئەوەی ئەو قوتابیانە، کە تەمەنیان لە 14 ساڵ تێپەڕ ناکات، لە کاتی نەشیاودا وێنەی یەکێک لە کچە مامۆستاکانیان گرتبوو و لە ماڵپەڕی "فەیس بووک"یشدا خستبوویانەڕوو.

هاوڕێکانی ئەو کۆمەڵە قوتابیە نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە بڕیاری بەڕێوەبەری قوتابخانەکە نیشاندا و بە "ستەمکارانە" وەسفیان کرد. قوتابیەکان گوتوشیانە، کە "فەیس بووک" ماڵپەڕێکی کۆمەڵایەتی تایبەتە، ئەم وێنەیەی لەوێش دانراوە، لە شوێنێکە، کە تایبەتە بە خودی ئەو قوتابیانە خۆیان، نەوەک شوێنێک بێت، کە هەموو خەڵک بتوانێت بەشداری تێدا بکات.



# مەیمونێک میز بە سەرۆکی زامبیادا دەکات

لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، مەیمونێک میزی بە "ڕۆبیا باندا"ی سەرۆکی وڵاتی زامبیادا کرد.

هەر لەو کاتەشدا سەرۆکی زامبیا هاواری لێ هەڵدەستێ و دەڵێت "تۆ مەیمون میزت بە پانتۆڵەکەمدا کرد". باندا لە وتارەکەی دەوەستێت و بە سەرسامیەوە تەماشای ئەو مەیمونە دەکات، کە لەسەر دارەکەی سەر سەری کورسیەکەی "باندا" یاری دەکات.

پاشان روو لە ڕۆژنامەنوسەکان دەکات و لە نێو پێکەنین و قاقای ئامادەبووواندا دەڵێت "ڕەنگە ئەمە خێر و بەرەکەتیش بێت".

لە بارەگای کۆشکی سەرۆکایەتی زامبیا ژمارەیەکی زۆر مەیمون و مامز و باڵندەش هەن.

# میگان فۆکس سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی جیهانە



بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک، خانمە ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی "میگان فۆکس" نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی بۆ ساڵی 2009 بەدەست هێنا.

گۆڤاری FHMی ئەمریکی ڕاپرسیەکی لە نێوان خوێنەرانی خۆی ئەنجامدا، لە پێناو دەستنیشانکردنی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی جیهان بۆ ئەمساڵ. لە وەڵامی بەشداربووانی ڕاپرسیەکەدا "میگان فۆکس" لە پلەی یەکەمین هات و بوو بە دووەمین ئافرەت، کە دوو ساڵ لەسەر یەک بتوانێ ئەو نازناوە بەدەست بهێنێت، دوای خانمە گۆرانیبێژ و ئەستێرەی ئەمریکی "جێنیڤەر لۆپێز"، کە لە هەردوو ساڵی 2001 و 2002دا ئەم نازناوەی بەدەست هێنا.

"جێسیکا ئەلبا" لە پلەی دووەمین هات، لە کاتێکدا خانمە ئەکتەری ئەمریکی "سکارلیت جۆهانسۆن" بە پلەی سێهەمین هات. پلەی چوارەم بۆ خانمە ئەکتەری ئەمریکی "جێسیکا بیال" و پێنجەم بۆ "مادلین زیبما"بوو.

هەر پێج پلەکەی تریش بۆ هەریەکە لە نمایشکاری جلوبەری بەڕازیلی "ئەدریانا لیما" و خانمە ئەکتەری کەنەدی "ئێلیشا کاتبیرت" و خانمە گۆرانیبریژی ئەمریکی "هایدی مونتاگ" و خانمە ئەکتەری ئەمریکی "ئان هاساوی" و گۆرانیبێژی ئەمریکی "کایتی پیرس" بوو.

هەر لەو ڕاپرسیەدا خانمە ئەستێرەی ئەمریکی "بریتنی" بە بەراورد بە ساڵی پار پێشوەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینی و لە پلەی (100)ەمەوە دابەزی بۆ پلەی (12)، لە کاتێکدا "ئەنجێلینا جۆلی" بۆ یەکەم جار دوای پێنج ساڵ لە 10 ناوەکەی ڕیزبەندی یەکەمین هاتە دەرەوە و پلەی (15)مینی بەدەست هێنا.







# شیریل ساڵانە 165 هەزار دۆلار لە جوانکاری خەرج دەکا

خانمە گۆرانیبێژی "شیریل کۆل"ی بەریتانی و خێزانی ئەستێرەی خولی تۆپی پێی ئینگلیزی "ئاشلی کۆل" ساڵانە زیاتر لە 100 جونەی ئیستەرلینی (کە دەکاتە 165 هەزار دۆلار) لە جوانکاری خۆی خەرج دەکات.

ڕۆژنامەی "دەیلی میل"ی بەریتانی ئاشکرای کردوە، کە کۆڵ ئەو پارەیە لەو تیمە پسپۆرە خەرج دەکات، کە سەرپەرشتی جلوبەرگ و هاوسەنگی خۆراک و هەروەها لە کڕینی کەرەسە و پێداویستیسکانی جوانکاری سەرف دەکات، لە پێناو پاراستنی جوانی روخساری دەرەوەی خۆی.

کۆڵ کە لەو ماوانەی دواییدا لە لایەن گۆڤاری "فۆر هیم" نازناوی سەرنجڕاکێشترین ئافرەتی جیهانی پێ بەخشرا، دەیەوێت لە ڕێگای تیمێک پسپۆری تایبەتمەندەوە ئەو جوانی و باڵاریکیەی وەک خۆی بهێڵێتەوە.

"دەیلی میل" ئاماژەی بەوەش داوە، کە کۆڵ ئەندامی تیمی "گیرلز ئالاود"ە و ساڵانە 30 هەزار جونەی ئیستەرلینی تەنیا خەرجی ئەو کەسە پسپۆرەیە، کە سەرپەرشتی جلوبەرگ و ڕێکپۆشی ئەو دەکات. 9 هەزار جونەیش لە ڕێکخستنی قژ و 12 هەزار بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی خۆراک و 14 هەزار بۆ هێشتنەوەی توانای جەستەیی و 5 هەزاریش بۆ کەرەستەکانی جوانکاری. ئەمە لەگەڵ 36 هەزار جونەی تری ساڵانە، بۆ لادانی چەوری لەسەر روخسار و جەستەی.

# شێوازی توندوتیژانەی ستالین باشترین چارەسەری قەیرانی ئابوورییە"

شیوعیەکانی روسیا چەند تابلۆیەکی گەورەی دکتاتۆری پێشووی سۆڤیەت "جۆزیف ستالین"یان خستۆتەڕوو، ئەو پیاوەی لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتدا فەرمانڕەوا بووە، شیوعیەکان ڕەواج بە شێوازی توندوتیژانەی ستالین دەدەن و پێیان وایە باشترین چارەسەرە بۆ دەرچوون لەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا جیهان تێیکەوتووە.

ستالین لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی 30 ساڵەی خۆیدا ملیۆنان کەسی بە کوشتن داوە، تا لە ساڵی 1953 مرد، بەڵام لە ئێستادا کە خەڵکانێکی زۆر لە روسیا بە دەست پاشەکشەی ئابووریی و ئەو قەیرانە جیهانیەوە دەناڵێنن، بیر لە ڕابردوو و فەرمانڕەوایەتی سەرسەختانەی ستالین دەکەنەوە، کە لە دواین ڕاپرسیدا، لە پلەی سێیەمین کەسایەتی مێژوویی هات لە رووسیادا.

سێرجی ڕۆداکۆف بەرپرسی دیاری حیزبی شیوعی لە شارۆچکەی "فۆرونیزە" بۆ ڕۆیتەرز دەڵێت "هەموو لایەک دەزانن لە سەردەمی ستالیندا ئابووری وڵاتمان بەرزترین تێکڕای گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی، هەروەک ئەو گەشەکردنە هەموو بوارەکانی تریشی گرتەوە، لە هەرە گرنگترین دەسکەوتەکانیشی، سەرکەوتنی گەورە بوو بەسەر نازیەکاندا.

شیوعیە ناوخۆییەکان بڕی 80 هەزار ڕۆپل (2534 دۆلار)یان داوەتە ئاژانسێکی ڕێکلامکردن، بۆ خستنەڕووی وێنەی ستالین بۆ ماوەی مانگێک، لە سەر 10 تابلۆی ڕێکلامی گەورە لە سەرتاسەری "فۆرۆنیزە"دا، کە شارێکە و دانیشتوانەکەی نزیکەی ملیۆنێک کەس دەبن.



# ئەلیسۆن ئاهەنگی گواستنەوەکەی خۆی دواخست

خانمە ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی بەریتانی بەناوبانگ "جێنیفەر ئەلیسۆن" بە شێوەیەکی کتوپڕ بڕیاری دواخستنی ئاهەنگی گواستنەوەکەیدا لەگەڵ پاڵەوانی یاری بۆکسێن "ڕۆبی تیکڵ".

ئەلیسۆن ڕاشیگەیاند، کە ئاهەنگی گواستنەوەکە تا ئێستا وادەکەی دیاری نەکراوە و ئەمیش زۆر سەرقاڵە بە هەندێک کاروبارەوە.

ئەلیسۆن هەر لەو بارەوە وتیشی، کە هەر لەگەڵ ئاهەنگی گواستنەوەکەیدا ڕەنگە ئەو منداڵی ببێت، بۆیە لەوساوە گرنگیەکی زیاتر بە لایەنی خێزانی دەدات، دوای گواستنەوەکەی لە هاوینی داهاتوودا.